## درێژەی پەیامی ڕێزدار کاک بابەشێخ حوسێنی سکرتێری گشتیی سازمانی خەبات، بە بۆنەی ٥ی خەرمانان، ساڵڕۆژی دامەزرانی سازمانی خەبات

کورد و ئازادیخوازان، لەماوەی ٢٧ ساڵ دا، دیفاعی کردوە. لەو چەندین ساڵەدا هەڵسوران و کاروچالاکی پێشمەرگەکانی سازمان لە ئوسووڵە ئیسلامی و مرۆڤایەتیەکان و قانوونە پەسەندکراوەکانی جیهانی لە کاتی جەنگ دا لای نەداوە. ئەسیری هێزەکانی رژیم کە لە مەیدانی جەنگ دا بە دیل گیراون لە سازمانی خەبات دا بێ ڕێزییان پێ نەکراوە و مافەکانیان لەبەرچاو گیراوە، تەنانەت یەك دانە ئەسیری پاسدار و سەربازی رژیمی ئێعدام نەکراون.

لەبەرانبەر دا رژیمی سەرەرۆی ئاخوندی، پێشمەرگە ئەسیرەکانی سازمانی خەبات چ ئەوانەی لە شەڕدا دیل کرابن وە چ ئەوانەی بە پیلانی کەسانی سەروە رژیم ئەسیر کرابن دوای ئازار و شکەنجە ئێعدام کردوە.

ئامادەبوانی هێژا!

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لەبەرانبەر دەسەڵاتی نامەشروعی ئاخوندەکان دا لێبڕاوانە کاری کردووە و تێکۆشاوە و هەڵوێست و چالاکیەکانی بۆتە هۆی ئەوە دەسەڵاتدارانی رژیمی ئێران، بە بەردەوامی پیلانی لەدژ بگێڕن کە هەر چەند پیلانەکان هێندێك جار بوونەتە هۆی زەربەت دان لەسازمانی خەبات، بەڵام لەگەڵ زیانەکانی لەهەمان کاتیشدا خۆراگری و موقاوەمەتی خەباتیەکانی زیاتر کردوە.

سازمانی خەباتی کوردستان بە بەردەوامی داوای کردوە با هێزە نیشتیمانپەروەرەکان لە پێناو گەلی کورد و ئامانجەکانی، ریزەکانمان یەك بخەین تا بە کاری هاوبەش رووبەروی دەسەڵاتی ئاخوندەکان ببینەوە، بەڵام لە ڕابردوودا ئەو ئەرکە گرینگە لەبەر هەر هۆیێك بوو نەهاتە دیی و بە داخەوە لەئێستاشدا دەبینین لێك ترازان و ناکۆکی و جیابوونەوە لەریزی هێزە سیاسیەکاندا وای کردووە ئەو مەبەستە گرینگە زیاتر دوور بکەوێتەوە. ئەو رووداوە زیانبارانە لە ریزی هێزە سیاسیەکان دا وای کردوە دژمنان دڵخۆش بن و دۆستانیش نیگەرانی ئەو هەل و مەرجە خەماوەیی و نالەبارانە بن. داخدارتر و تاڵ تر ئەوەیە ئاسۆیێکی روون نییە کە ئاخۆ کەی دەردە کورد کە نەخۆشی و دیاردەی لێك هەڵبڕان و لێك جیابوونەوە کۆتایی پێ دێ. خودا بکا هەموو بیر بکەینەوە و قازانج و مەسڵەحەتەکانی خەڵکی کوردستان لەسەرووی قازانجە شەخسی و سازمانی و حیزبیەکانەوە دابنێین.

بەرێزان بۆ سازمان خەباتی کوردستانی ئێران جێگەی سەربەرزییە کە دژایەتی ی لەگەڵ هیچ کام لە هێزەکانی پارچەکانی کوردستان نەکردووە، وە بە بەردەوامی هاوکاری خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەت کوردستانی عێراق و هێز و لایەنەکانی ئەو بەشەی کوردستان بووە. لەو شوێنانەی بنکەکانی سازمانی خەباتی لێ بوو بێ، هاوکاریی بەرینی سازمان بە خەڵکی ئەو ناوچانە بەردەوام بووە وە ئەو راستیە کەم کەس هەیە نەیزانێ.

خوشك و برایانی بەرێز

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، هەروەك لەیەکەم رۆژی پێك هاتنیەوە، ئامانجی رزگاری گەلی کورد و رووخانی رژیمی ئاخوندی بووە و هەرنەوعە وتووێژ و دانیشتنێکی لەگەڵ ئەو رژیمە نامەشروعە بە بێ ئاکام زانیوە. لەدوای کونگرەی سێهەمیش، ئاڵ و گۆرە بنەڕەتیەکان لەسیاسەت و هەڵوێستەکانی سازماندا دیارە و سازمانی خەبات باوەری وایە رژیمی ئێستای ئێران دژ بە هەموو ئووسولێکی ئیسلامی و ئینسانی و دیموکراسیە و ئومێدێك بەچاك بوون و ئاڵ و گۆر پەیدا بوون لە هەڵوێست و سیاسەتی دیکتاتۆرانەی ئەو رژیمە دا وەدی نایێ وە تەنیا رێکە چارە رووخان و لەناوچوونیەتی و هاتنەدی دەسەڵاتێکی دیموکرات و نیشتیمانیە کە مافی تێکرای چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و ئێران لەبەرچاو بگرێ.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لەدوای کونگرەی سێهەمی خۆی بە جیددی و کاریگەرتر لە پێناو ئازادی بۆ تێکرای چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان بە بیروبۆچوونە جیاجیاکانیەوە تێ دەکۆشێ.

هەموو دانیشتوانی کوردستان بەبێ جیاوازی و بە بوونی هەر بیر و بۆچوون، ئایین و مەزهەبێك دەتوانن ئەندامی سازمانی خەبات بن و لە رێبەرایەتی و بەرێوەبردنی سازماندا بەشداری بکەن.

جارێکی دیکە و بەم بۆنە پیرۆزەوە سپاسی بێ پایان دەنێرم بۆ خەڵکی تێکۆشەر و نەبەزی کوردستان کە کەم رۆژ هەیە لەبەرانبەر ئەو رژیمە ملهورە دا نارەزایەتی و مانگرتن ئەنجام نەدەن و لە پێناو ئازادیدا تێ نەکۆشن، هەر بۆیە پێویستە هەنگاوەکان و چالاکیەکان بۆ تەبایی و یەکێتی لەپێناو رووخانی ئەو رژیمە و وەدی هێنانی ئازادی خێراتر بکەین و هەوڵی جیددی بدەین بۆ ئەوەی گەلی کورد و گەلانی ئێران بە رزگاری و ئازادی بگەن.

لەگەڵ سپاسی دووبارە بۆ ئامادە بوونی ئێوەی بەرێز و پیرۆز بایی گەرم بۆ رێبوارانی رێگەی ئازادی و رێگەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران.

## ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژی فەرمانی خومەینی بۆ جیهاد لەدژی خەڵکی کوردستان

پەژار

ئەو کاتەی تازە خومەینی و دەسەڵاتەکەی حوکمی ئێرانیان گرتبوە دەست، وەك کورد گووتەنی (جێیان گەرم نەببوو) لەجیات ئەوەی لەبیری دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خەڵك پەسەند بن کە دوور بێ لە کردەوەی سەرکوتگەرانە و هەڕەشە، تەواو بەپێچەوانەی هیواکان و ئاواتەکانی خەڵك و ئەو ئازادیخوازانەی سەختی و دەردیان بە دەست رژیمی شایەتیەوە دیبوو، بەردی بناغەی دەسەڵاتێکی ملهوڕانە و بە بیری تەسکی دواکەوتووانە ئەو نیزامەیان دامەزراند کە تا زەمان تێ‌پەڕێ لەسەر هەڵوێست و کرداری دڕندانەیان بەڵگەی زیاتر و ترسناکتر ئاشکرا دەبینین.

٢٨ ساڵ دەسەڵاتی ئاخوندەکان پڕە لە بیرەوەریی تاڵ و رووداوی قێزەونی ئەوتۆ، کە باسکردنی هەرکام لەو بیرەوەری و رووداوانە، دڵان ئازار دەدا و زامە کۆن و تازەکان دەکولێنێتەوە.

یەکێك لەو بیرەوەریە تاڵانە کە هەر لە سەرتای بە دەسەڵات گەیشتنی خومەینی و ئاخوندەکانەوە، وەك نیشانەی ملهوڕی و خۆسەپێنی بە مێژووی ئەو رژیمە گۆر پەرەست و فریوکارەوە نەخشی بەستوە، فەرمانی جیهادی خومەینی لەدژی خەڵکی موسوڵمانی کوردستانە کە بەدوای ئەو فەرمانەدا، پاسدارە چەقۆکیش و بەرگاراجیەکان چەکدار کران و بەرەو کوردستان نیشتمانی کوردی حەقخواز و بێتاوان کەوتنە رێ و ئەوەی لەسەر رێیان بوو سووتاندیان و ئەو کەسەی گرتیان لە دادگای فەرمایشی و سەحرایی و بە فەرمانی خەڵخاڵی جەللادە شەرعیەکەی خومەینی گوللەباران کران.

جینایەت و کردارە دڕندانەکانی خومەینی و هێزی سەرکوتگەر و داگیرکەری بۆ کوردستان بە ڕادەیێك بێبەزەییانە بوو، کە بۆ هەتاهەتایە لەمێژووی کورددا دەمێنێ و ناسرێتەوە.

کوشتنی پۆل پۆلی لاو و پیری شارەکانی سنە و مەریوان و سەقز و بۆکان و مەهاباد و تێکڕای شار و دێ کانی دیکەی کوردستان لە ماوەیێکی چەند رۆژی دا دەرخەری ئەو راستیە بوون کە خەڵکی ئێران و کوردستان لەگەڵ دڕندەترین رژیمی سەردەم کە نمونەی لە مێژوودا کەم بووە، رووبەروون.

رژێمێك کە بە ناوی ئیسلامی پیرۆز هێرش دەکاتە سەر خەڵك و دەکوژێ و دەسوتێنێ، رژێمێك کە لەژێرناوی ئیمام و پێشوایانی دینی ئیسلام ئەوەی رەفتاری دژی ئیسلامی و دژی ئینسانیە ئەنجامی دەدا، ئەو نەوعە رژیمە بەو تایبەتمەندی و شێوە بیرکردنەوەیە لە مێژووی ئێراندا نەبیندراوە.

بێ‌گومان خەڵکی کوردستان، لە بیرەوەری رۆژە تاڵەکان و بیرهێنانەوەی کردەوە دڕندانەکانی ئاخوندان، رقی پیرۆزیان لە دەسەڵاتداری ئاخوندی کە دوای ٢٨ ساڵ سەرکوت و ئازاری خەڵکی ئێران بە تێکڕا و خەڵکی کوردستان درێژە پێ داوە، دەکەنە هۆییێك بۆ بەرنگاربوونەوەی زیاتری ئەو رژیمە و گەرم داهێنانی جوڵانەوەی ئازادی خوازی جەماوەری.

ئەگەر چی دەسەڵاتی ئاخوندەکان و کاربەدەستانی توانیویانە ستەم و بێ عەدالەتی لە کوردستان پەیرەو بکەن. جێگەی خۆشیە لەبەرانبەر دا خەڵکی کوردستان، هەستی نیشتمان پەروەری و ئازادیخوازیان زیاتر بووەو ئاوری خەبات و بەربەرەکانیی لەبەرانبەر ئەو دەسەڵاتداریە ملهورەدا، بڵێسەدارتر کردووە کە بە ئومێدی خوا و پشتیوانی خەڵك لە ئاکامیشدا ئەو ئاورە رژیمی ئاخوندی و دەسەڵاتدارانی دەسووتێنێ.

بەم بۆنەوە جێگەی خۆیەتی درود بنێرین بۆ رۆحی شەهیدانی هێرشە دڕندانە و دژی مرۆڤایەتیەکانی هێزە داگیرکەرەکانی رژیمی ئاخوندی لە ساڵی ١٣٥٨ و قەتل و عامەکەی خەڵخاڵی، جەلادی خومەینی لە کوردستان کە بێ بەزییانە لاو و پیری کوردستانی بە گوللەباران شەهید کردن.

## پەیامی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٥ی خەرمانان، ٢٧مین ساڵرۆژی دامەزراندنی سازمانی خەبات

خەباتکارانی رێگەی ئازادی!

هاوباوەڕانی رێبازی پیرۆزی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران!

کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکانی سازمانی خەبات!

زیندانیانی سیاسیی تێکۆشەر!

پیرۆز بێ جێژنی ٥ی خەرمانان ٢٧ەمین ساڵرۆژی دامەزرانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. ئەو سازمانەی لە هەل و مەرجێکی حەستەم دا و بە دوای هێرشی بەرینی هێزە بەکرێگیراوەکانی رژیمی ئاخوندی و فەرمانی جیهادی خومەینی بۆسەر خەڵکی کوردستان دامەزرا.

پێکهاتنی سازمانی خەبات بە بۆچوونێکی نەتەوەیی و ئیسلامی لە ٢٧ ساڵ پێش ئێستا و لە هەل و مەرجێك دا کە رژیمی ئاخوندی بە ناوی ئیسلام هێرشی کردبوە سەر خەڵکی کوردستان و تێکڕای هێز و لایەنەکانی جوڵانەوەی کوردستانی بە کافر و خەڵکی کوردستانی بە لاڕێ لەئیسلام ناو دوبرد، زەرورەتێکی مێژوویی بوو. جێگەی سەرنج ئەوەیە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە بێ پشتیوانی هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکی، و بە پشتیوانی جەماوەری کوردستان و دڵسۆزان و لەسەر دەستی ماموستا سەید جەلال الدین حسینی و ژمارەیێکی دیکە لە ماموستایان و کەسایەتیە تێکۆشەرەکانی کوردستان دامەزرا و توانی شێوەیێکی نوێ لە خەبات بۆ هاتنە مەیدانی زیاتری خەڵکی کوردستان و نامویی نەکردنیان لەشۆڕشی ڕەوای گەل داڕێژێ.

بە دامەزرانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران وەك هێزێکی نیشتمانی و شێلگێر و خۆراگر، ژمارەیێکی بەرچاو لەخەڵکی کوردستان پێوەندییان بە سازمانەوە کرد و لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان بنکە و بارەگاکانی سازمان دامەزراو و کاری سیاسی و تەشکیلاتی لەسەرانسەری کوردستان دەستی پێکرد و بە زوویی سازمان گەشەی سەند و لەباری چالاکی لە بەرانبەر هێزەداگیرکەرەکانی رژیمی ئاخوندی پێشمەرگە کۆڵنەدەرەکانی سازمان زەربەتی کاریگەریان لەو هێزانەی دژمن وەشاند.

بە پێش کەوتن و پەرەگرتنی سازمان دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی کەوتنە پیلان گێران و هەوڵیان دا زەربەت لەسازمان بدەن کە بە داخەوە هەوڵەکانی رژیم و دەست و پێوەندەکانی بوونە هۆی فریودانی ئەفرادێکی بێ باوەر و زەربەت دان لەسازمان. بەڵام سەرەڕای بوونی پیلان و کەند و کۆسپەکان و ئەو کێشانەی کە ئەم و ئەو بۆ سازمانی خەباتیان پێك دەهێنا، بە خۆشیەوە رێبوارانی رێگەی سەرفرازیی سازمانی خەبات بوێرانە و خۆڕاگرانە توانیان بە سەر تەنگ و چەڵەمەکان دا دەربازبن و مانەوەی سازمان لە گۆرەپانی موبارزە بکەنە واقعیەتێك کە بە هیچ پیلانگێری و خەیانەتکارییێك تووشی فەوتان و لەناوچوون نەیێ.

هاونیشتمانانی ستەم لێکراو!

٢٧ ساڵ تەمەن بۆ سازمانی خەبات بۆتە هۆی ئەوە کە ئەزموونی زۆر وەدەست بێنێ، تا بتوانی رێگەی باشتر و تاکتیك و سیاسەتی پەسەندتر بۆ کارکردن و تێکۆشان لەرێگەی ئازادیدا هەڵبژێرێ. هەر لەپێوەند بە ئاڵ و گۆرەکان و دارشتنی سیاسەتی نوێ و سەردەمیانە سازمانی خەبات توانی کونگرەی سێهەم کونگرەی پێشکەوتن لە مانگی رەشەمەی ١٣٨٤ی کۆچی خۆری، ١٢ی فوریەی ٢٠٠٦ی زایینی ببستێ. لەو کونگرەیە دا ئاڵ و گۆری بنەڕەتی لەسیاسەت و تاکتیکی سازمانی خەبات لە پێوەند بە کار و هەڵسوورانەکانی پەسەند کرا، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بووە هێزێکی مودێرنتر و سەردەمیانەتر بە بیروبۆچوونێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی کە نەتەنیا موسڵمانان، بەڵکو تێکرای ئایین و پێکهاتە نەتەوەییەکان دەوری بەرچاو و کاریگەری تێدا بگێرن کە بە شاهیدی دۆست و دژمن ئەو ئاڵ و گۆرانە لەسازمان بوونە هۆی گەشەسەندنی زیاتر و پێش کەوتنی لە مەیدانی سیاسی و تەبلیغاتی و تەشکیلاتی و پێشمەرگەیی کە گومان نیە رەوتی گەشەسەندنی سازمان درێژە دەکێشێ.

ئەویندارانی رێگەی ئازادی!

هۆگرانی رێبازی پیرۆزی سازمانی خەبات!

ئێمە لە کاتێکدا یادی دامەزراندنی سازمانی خەباتی کوردستان جێژن دەگرین کە سیاسەتی سەرکوتگەرانە و توندوتیژیی هێزە بەکرێگیراوەکانی رژیمی ئاخوندی لەبەرانبەر هاونیشتیمانانی کورد و تێکرای خەڵکی ئێران زیاتر لەرابردوو پەرەی سەندووە. ئێعدامی رۆشنبیران، لاوانی ئازادیخواز،، شکەنجە و ئێعدامی پۆل پۆلی خەڵك لە ژێر ناوی ئەرازل و ئەوباش، داخستنی رۆژنامەکان و چەندین دیاردەی دزێوی دیکەی دەسەڵاتداران، لەگەڵ بوونی ئەو گشتە سەرکوتە، هەژاری، بێکاری، گران بوونی پێداویستیەکانی ژیان، تەنگی بە خەڵك هەڵچنیوە و کەم رۆژ هەیە ئیعترازاتی جەماوەری و مانگرتن لەبەرانبەر ئەو دەسەڵاتە نامەشروعە دا پێك نەیێ.

لە پێوەند بە سیاسەتی دەرەوەییشدا، دەسەڵاتدارانی رژیم ئیستراتیژی سیاسیان، دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وەڵاتانی دراوسێی ئێرانە، بەتایبەت بە ئاشکرا و بە بێ پەردە دەست لەکاروباری عێراق وەردەدەن و رادەگەیێنن وەڵاتی بەحرەین بەشێکە لە خاکی ئێران. ئەو سیاسەت و هەڵوێستانەی دەسەڵاتدارانی ئێران وای کردووە لەهەر کۆیێك کردەوییێکی ئاژاوەگێری بەدی بکرێ، قامکی تاوانباری روو لە حکوومەتی ئاخوندان بکا. سیاسەتی دەست تێوەردان لەکاروباری وەڵاتان و هەوڵەکانی رژیمی ئاخوندی بۆ وەدەست هێنانی بۆمبی ئەتۆمی و چەکی قەدەغەکراو و پێ داگری دەسەڵاتدارانی ئێران لەسەر ئەو سیاسەتە چەوت و زیانبارانە وای کردووە دەسەڵاتی ئاخوندی لەناوەندە جیهانیەکان زیاتر تەرییك بکەوێتەوە و بکەوێتە بەر لۆمە و ئابلۆقەی ئەنجومەنی ئاسایش و ناوەندە جیهانیەکان و دەوڵەتە پێش کەوتووەکان کە درێژەدان بەو سیاسەتانە مەترسی رودانی جەنگ و رووبەروو بوونەوەی سەربازیشی هێناوەتە ئاراوە.

بێ گومان دەسەڵاتی دواکەوتوو و سەرەرۆ و ئاژاوەگێر و جینایەتکاری ئاخوندی، بۆتە هۆی ئاڵۆزی لەناوچەکە و هەرەشە و مەترسی و ئازار بۆسەر گەلانی ئێران. ئاشکرایە رووبەرووبوونەوە و بە گژداهاتنەوەی ئەو دەسەڵاتە ئەرکێکی مێژوویی و گرینگە. هەموو کەس بەرادەی توانایی و بە پێی دەستوراتی ئایینی و ئوسولی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی دەبێ هەنگاوی بۆ هەڵگرێ و رەنجی بۆ بدا. هەروەها بۆ ئەوەی شەڕ لەوەڵاتەکەمان دوور بخەینەوە و بە شێوەی کاریگەر لەبەرانبەر دەسەڵاتداری ئاخوندەکاندا خەباتی چارەنووس ساز کە دەبێتە هۆی ئازادی و و رووخانی ئەو رژیمە درێژە پێ بدەین، زەروریە هێزە شۆڕشگێرەکانی کوردستانی و ئێرانی بە جیدی لە هەوڵی یەك خستنی هێز و توانای سیاسی و تەشکیلاتی و پێشمەرگایەتی دا بن. تا بتواندرێ بە خەبات و کاری هاوبەش و بە پشتیوانی جەماوەری وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان، کۆتایی بە دەسەڵاتی دواکەوتووانە و دیکتاتۆرانەی ئاخوندی بهێندرێ.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، وەك لە ساڵانی سەرەتا دا رایگەیاندووە، ئێستاش و لەم بۆنەیەدا رادەگەیێنێ، ئامادەیە بۆ پێکهێنانی هەر جۆرە پلاتفۆرم و بەرەیێکی هاوبەش لەنێوان هێز و لایەنە کوردستانیەکان دا، وە بە شێوەی بەرین تر لەگەڵ هێزە شۆڕشگێرە ئێرانیەکان و لەو پێناوەش دا هەنگاوی جیددی هەڵ گرتووە. بۆیە داوا دەکەین با لایەنە سیاسیەکان، چاو لە قازانجی تایبەتی سازمانیی و حیزبی بپۆشن و زیاتر گرینگی بدەن بە قازانجی گشتی و جەماوەریی و داهاتووی کوردستان و ئێران کە قازانجی حیزب و سازمانەکانیش هەر لە یەکێتی و برایەتیدایە. گومان نییە ئەگەر ئەو سیاسەت و هەڵوێستەی رابردوو و ئەو پرژ و بڵاویەی ئێستا لە جوڵانەوەی کوردستان و ئێراندا بەرچاو دەکەوێ درێژە ی هەبێ، چارەنووسی خراپ چاوەرێی تێکڕامان دەکا و خەڵکی کوردستان و ئێرانیش زیانی قەربوو نەکراوەیان پێ دەگا. بەو هیوایەی بتوانین بە هەوڵی تێکرایی و بە راپەرینی تێکڕایی جەماوەر کۆتایی بە ستەم و دیکتاتۆری ئاخوندان بهێنین و ئازادی و دەسەڵاتێکی دیموکراتیك لە ئێران و کوردستاندا جێگیر بکەین.

لەگەڵ پیرۆزبایی گەرم بە بۆنەی ئەم رۆژە پیرۆزە و پێنانە ناو ٢٨ەمین ساڵەی سازمانە خۆشەویستەکەمان

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

کومیتەی ناوەندی